## بۆ هەڤاڵ کامەران گوڵپی:
## نامەی یەکەم
## ئایا کوردایەتی و ناسنامەی نشتیمانی وەهمە(ئەندێشە)یە؟

من پێشتر ئەم بۆچونەم لە دەمی مام جەلال و لە هەندێ سەرکردەی دی بیستبوو. ئۆجەلانیش لە پەرتووکی(نەخەشە ریگادا) هەمان شتی باسکردوە کە سەربەخۆیی نیشتمانی باوی نەماوە و دەبێ نەتەوەکان لەیەکەیەکی پتەودا ریزی یەکتر بگرن و پیکەوە بژین. نیشتیمانی هێگۆمۆنی(یەک رەنگ) تاسەر چێ نابێ و شکستی کۆماری تورکیای بە نموونە هێناوەتەوە. دووریش نیە (یەپەگە) ئەمرۆ لە رۆژئاوا، لە سەر ئەو بۆچونەی ئاپۆ رۆڵی سوپای سوور ببینێ بۆ رزگارکردنی گەلانی ناوچە، بە تایبەتی لەوڵاتی سووریا کە فەرەنسا و بەریتانیا بەبێ رەزامەندی ئەو گەلانە دوای شەری یەکەمی جیهانی دروستیان کردوە.

پێش ئەوەی بچمە سەر شرۆڤەی دروشمی (ئەندێشە، یان هیچی) نەتەوەییەوە، دەمەوێ لە روی دەروونی و کۆمەلایەتییەوە ئەوە بخەمەرو کە بەبێ پەسەندکردن و بوونێکی سەروەری لای مرۆڤەکان، بەردەوام هەستی لاوازی لای ئەو مرۆڤە ژێردەستانە بوونی هەیە و بەرامبەر بە داگیرکەران خۆیان زۆر نزم دەبینن. بگرە فرەجار لە بازنەیەکی بێهیوایدا دەسورێنەوە توانای بەرگرییان لە خۆ نییە و وزەکەیان بۆ سەرخستنی پرسەکانی داگیرکەرانی کوردستان بەکاردەهێنن، بۆ نموونە بەرگری لە فەلەستین و گریان بۆ سووتاندنی دوو مزگەوتی وڵاتی بۆرما . من نموونەی چەپەکان، موسلمانەکان و تەنانەت ئەوانەشی لە باشوور دروشمی نەتەوایەتیان هەڵگرتووە دەهێنمەوە. زیندوترین نموونە، یادیکردنەوەی لە دایکبوونی پێغەمبەری عەرەبانە لە هەولێر لە کۆتایی ئەم مانگەدا، ئەوە لە کاتێکدایە کە عەرەب کۆمەڵکوژی لە باشووری دەکا و خەریکی تەعریبە لە کەرکوک و شوێنەکانی دی.

نموونەیەکی دیش، کاتێک مەسعود بەرزانی یان مام جەلال زۆرجار دەیانگۆ:
کەرکوک شارێکی عێراقییە. تەنها ناوبردنی چەمکی عێراقیبوون بۆ خۆی سڕینەوەی کوردستانیەتی ئەو شارەیە و گومان دروستکردنە لای تاکی کورد، کە شتێک نییە بە ناوی کوردستانەوە. هەمان شت ئاپۆ یان هەر سەرکردەیەکی دی پەکەکە یان یەپەگە، کە هێشتا تاکی کورد سەروەر نەبووە، باسی سەروەری و ڕزگاری گەلانی ناوچە(عەرەب و تورک) دەکەن. ڕاستە هەنگاوی کاتی و تاکتیکی گرنگە، بەڵام جێگیرکردنی ئەو چەمک و واژانە لە هۆشی تاکی کورد، زیانی گەورەیە دەگەێنێ بە دوارۆژی پرۆسەکە. چەمکێکی دی، کە لە داهێنانی سەرانی باشوور و تا ڕادەیەکی باش، لە بیری تاکی کورددا جێگیر بووە، لە ڕاگەیاندنەکانیش، بە تایبەتی لای ئەوانەی خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆن دەزانن و بەکاریدەهێنن، چەمەکی ناوچە **جێناکۆکەکانە،** کە بەداخەوە دیسان پەیامێکی ڕونە لە سەر کوردستانی نەبوونی ئەو ناوچانە.

هاوڕێم!
ڕاستە ئێمە وابەستەی ئەو گۆڕانکاریانەین کە لە ناوچەکدا ڕودەدەن و بازار و سەرمایە و هەژمونی خۆی هەیە. بەڵام دیسان دینامیکی کارکردنی ئەو هێزە کوردیانە، بەداخەوە، نارژێتە ناو کەنداوی دروستکردنی ناسنامەیەکی نیشتیمانی کوردستانییەوە، نەک نەتەوەیی یەک ڕەنگ. ناسنامەی ئەو هێزانە بەگشتی، لەبەر ئەوەی کورد خاوەن قەوارەیەکی نیشتیمانی سەروەر نیە، تا ئەمڕۆ نەیانتوانیوە، سەروەرانە تاکی کورد بەوە پەروەردە بکەن کە کوردستان لە لایەن عارەب و فارس و تورکەوە داگیرکراوە. کاتێک هێزە بزوتەکان، بۆ نموونە پەکەکە لە باکور توانی، کۆمەڵگەی تورک تێگەێنێت کە باکور خاکی ئەوان نییە و داگیرکەرن، ئەو دەمەی هێزەکانی باشوور توانییان، ئەو هەستە لای عەرەبێک بچێنن کە ئەو داگیرکەرە و کۆمەڵکوژی دەکا، کاتێک هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەلات هەمان پرۆسەی، تێگەیاندنی فارسەکان و دواتر یەپەگە بە عەرەبی شامی

ڕاگەیاند کە ئەویش داگیرکەرە، پێموایە ئەوسا نەتەوەی کورد هەنگاوێکی گرنگی بەرەو دروستکردنی ناسنامەی نیشتمانی ناوە.

ناسنامەی نیشتیمانی، نەک تەنها بۆ تاکی کورد، بەڵکو بۆ هەموو مرۆڤەکان گرنگە.  ناسنامە واتە بوون و دیاربوون، جا ئیدی لە سەر ئاستی تاک یان کۆمەڵگە. مەگەر ئەوە کارەسات نییە، کوردێک لە کوێرە دێیەکی قەندیل یان قەرەداغ  یان هەورامان خۆی بە عێراقی یان ئێران یان تورکی بزانێ و لەسەر خاکی خۆشی بێ؟ لە قەوارەیەکدا کە نەتوانێ بڵێ کوردم و سادەترین مافی نەبێ، کە زمانی دایکە!

پێش ئەوەی کۆتایی بە نامەیەم بهێنم، دەمەوێ ئەو پرسیارە بکەم:
چۆن پردی برایەتی نێوان گەلان دروست دەبێ. کە تۆ ناسنامەت نەبێ و لە هاوسەرگیرییەکی ناچارکراودا بژێت وخۆت وەک یەکێکی دی بناسێنێ ؟

ئایا تورکێ، عەرەبێ و فارسێ ئەوە پەسەند دەکا کە خۆی بە کوردستانی بناسێنێ؟ ئەگەر ئەوان سەدان ساڵە برایەتیان لەگەڵدا نەکردبین، لەسەر ڕێزگرتنی ئێمە ڕانەهاتبن، دەتوانی ئێستە بیکەن؟

بەدوویدا دێ
ئاسۆ بیارەیی
٢ی دیسەمبەری ٢٠١٧